# لەنێوان ئاكارو ئاییندا

## سەرنجێكی كورت لەسەر پەیوەندی ئاكار بە ئایینەوە

**حەسەن حسێن**
Hasan0156@yahoo.com



یەكێك لەو چەمكانەی كە هزری ئایینو نەریتخوازی پێوەی سەرقاڵە، ئاكارو بەها ئەخلاقییەكانی كۆمەڵگەیە. ئەوان بەنیگەرانییەوەو هەندێكجاریش بەتوندی رەخنە لەو گۆڕانانە دەگرن كەبەسەر ئاكارو رەفتاری تایبەتی تاكو رەفتارو شێوازی مامەڵەكردنی نێوان كەسەكاندا هاتووە.

لەپاڵ ئەو گۆڕانكارییانەدا كە بەسەر ستایلی ژیاندا هاتووە هەر لە شێوازی پۆشینی جلو بەرگەوە تا تێكەڵاو بوونی كچانو كوڕان لە ئاستەكانی خوێندنو زیاد بوونی رێژەی كاركردنی ژنان لە بوارە كۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەكانداو بڵاوبوونەوەی تەكنەلۆژیای گەیاندنو راگەیاندن بەشێوەیەكی بەربڵاو لەژیانی رۆژانەدا، رێژەی تاوانو رووداوی دزێویش لەكۆمەڵگەدا زیادیان كردووە. زۆرجار لە میدیاكانەوە گوێبیستی رووداوو بەسەرهاتی  جۆراوجۆر دەبین كە ناكۆكو ناجۆرن لەگەڵ سروشتو مۆراڵی مرۆییدا، بۆیە كاردانەوەی جۆراوجۆریش دەبینین لە هەمبەر ئەو رووداوو بەسەرهاتانەدا. جۆرو شێوازی كاردانەوەكەش لە باگراوندی فیكریو كەلتوورییەوە سەرچاوەی گرتووە. بۆ نمونە هەڵوێستو كاردانەوە، شیكردنەوەو خستنە رووی چارەسەر، لەلای دەروونزان، كۆمەڵناسو پیاوێكی ئایینی وەك یەك نییە. چونكە كێڵگەی كاری دەروونناسیو كۆمەڵناسی پشت بە زانستە مرۆییەكان دەبەستێتو فرە رەهەندە. بەڵام كاردانەوەی پیاوانی ئایینیو نەریت پارێزەكان، كە روانینێكی تاكرەهەندییانەیان بۆ ئەو دیاردەو كێشانە هەیە، شپرزەییو دەمارگیریی پێوە دیارە، تا ئەو جێیەی لەبەرامبەر ئەو رووداوو دیاردەو بەسەرهاتانەدا ناراستەوخۆ پێمان دەڵێن ئەخلاقو بەها ئەخلاقییەكانی كۆمەڵگە بەرەو داڕمان دەچن. ئەوان هۆكاری پەرەسەندنی تاوانو كێشە كۆمەڵایەتیەكان دەگێڕنەوە بۆ كاڵ بوونەوەی ئاكاری ئاینییو رەوشتی باوباپیرانو دەستبەردار بوونی نەریتی پێشینان. ئەمەش یا لەبێئاگاییەوەیە لەوەی ئاكار بەپێی سەردەمەكان، كۆمەڵگاكانو لەخودی یەك كۆمەڵگەو بگرە بەپێی قۆناغەكانی تەمەنی یەك كەسیش  لەگۆڕاندایە (ئاكاری كرداری - الاخلاق العملیە). یاخود لە ڤیرسچمەییو جەخت كردنەوەیانە لەسەر پابەند بوون بە ئەخلاقێكی ئایدیالو تێكەڵ كردنییەتی بە ئاكاری كرداریی، بۆ ئەوەی دواجار  نەریتو ئاكارو بەهایەك بەسەر كۆمەڵدا بسەپێنن كە هەڵقوڵاوی ئایدۆلۆژیاو جیهانبینییانە.

لێرەوە جەخت كردنەوە لە بەهای ئایینو رۆڵی ئاكاری ئایینی لە بنبڕكردنی كێشەو تاوانە كۆمەڵایەتییەكان لەلای پیاوانی ئایینیو پەیڕەوكارانی ئایین دەبێتە پرۆژەیەك بۆ بانگەشەكردن بۆ خودی هزری ئایینیو ئەڵتەرناتیڤێك بۆ دەرباز بوون لەوەوی كە پێیدەڵێن فەوزای ئەخلاقی ئەم دنیاو مژدەیەكیش بۆ بەدەستهێنانی رەزامەندی خواوەندو مسۆگەركردنی بەهەشت لەو دنیا.

بیرۆكەی ئاكاری ئایینی دەمانباتەوە سەر یەكەمین گوناه ، كە بووە هۆی سەپاندنی سزایەكی ئەبەدی بەسەر مرۆڤدا، واتە فڕێدرانی لە بەهەشتەوە بۆ سەر زەوی. ئەمە بە تایبەت لە ئایینەكانی( جولەكە، مەسیحیەتو ئیسلام)دا بە تۆخی دیارە. بۆیە باس كردن لە ئاكار لە روانگەی ئایینەوە بەبێ باس كردنی گوناه  ناتەواوە. چونكە گوناه، گوناهی گەورە بێت یا بچووك، سەرجەم ئاكارە خراپەكان دەگرێتەوە.  لە باسی گوناهی یەكەمیشدا شەیتان ئامادەییەكی چارەنووسسازی هەیە. ئەم ئامادەییەی شەیتان لە هزری ئاینییدا، بەدەر لەچەمكە ئەفسانەییەكەی، ئاگاداركردنەوەیەكی

مرۆڤە بەوەی ئەگەر پابەندی ئەو ئاكارانە نەبێت كە خواوەند فەرمانی پێداون، ئەوا دەبێتە شوێنكەوتەی شەیتان‌و وەبەر تووڕەیی‌و سزای خواوەند دەكەوێت. نەك هەر ئەوە بەڵكو ئاكاری شەیتان‌و شەیتانیی بوون پانتاییەكە بیرلێكردنەوەی بۆ مرۆڤی دینداری زۆر سادەش مایەی ئارەق كردنەوەو خەو لێزڕانە، چ جای ئەوەی كەسێك، لەلایەن باوەڕدارە سەرسەختەكانی ئایینەوە بە شوێنكەوتەی شەیتان وەسف بكرێت دەبێت چەند قێزەون بێت لای خەڵكی سادە. بۆیە دەبینین ئاكاری خراپ لەهزری ئایینیدا جگە لە كڵۆڵی‌و ڕەزالەتی دنیایی ، لە دنیاكەی تردا سزای دۆزەخی بۆ پەیڕەوكارەكەی داناوە. بەم پێیە ئاكار لە هزری ئایینیدا مەرجدار دەبێت بە خواپەرستی‌و ئایینداری‌و بەجێهێنانی ئەركە ئایینییەكانەوە. تا ئەو ئاستەی ئیدی ئاكاری ئایینی وەك جۆرێكی ئاكار بەگشتی سەیر ناكرێت، بەڵكو دەبێتە پێوەرێك بۆ جیاكردنەوەی سنوورەكانی ئەخلاق‌و بێ ئەخلاقی (هەڵبەتە خۆی شتێك نییە ناوی چەمكی بێ ئەخلاقی بێت، چونكە ئاكاری ئەو كەسانەش كە لەگەڵ پێوەرەكانی كۆمەڵگاو عەقڵیەتی باودا ناكۆكەو بەپێی ئەو پێوەرانە بەبێ ئخلاق ئەژماردەكرێن، خۆی لەخۆیدا ئاكارە) .كەم نین ئەو پیاوە ئایینی‌وكەسانەی كە بە چاوی گومانەوە دەڕواننە مرۆڤی بێ دین‌و ئاتەئیست‌و بگرە بیرو باوەڕەكانیان بەسەرچاوەی بەرەڵایی‌و بێ ئەخلاقی دەزانن، لەمەشدا بەتەنها سەرنجیان لەسەر ئەو كردەوانەیە كە ئایین حەرامی كردووە وەكو سێكس كردن‌و مەی خواردنەوە. وەك ئەوەی ئەو كەسانەی باوەڕیان بە میتافیزیك‌و بیری ئایینی نییە كەسانێكی غەریزەیی بن‌و غەریزەیان زاڵ بێت بەسەر عەقڵیاندا، باوەڕدارانییش بە خوداو ئایین كەسانێكی فریشتەیی بن. ئەگەر ئەو بۆچوونە ڕاست بووایە، ئەوا دەبوو لە وڵاتێكی وەك سعودیەو ئێران‌و ئەفغانستانی ژێردەسەڵاتی تاڵیبان ئەوەی پێیدەڵێن سێكسی ناشەرعی‌و سزای زینا لەئارادا نەبوایەو بگرە خودی ئایین سزای شەرعی دانەنابایە بۆ زیناو تاپۆكانی دیكە. یاخود لەناو قەشەو حاخام‌و پیاوانی ئایینی ئاینەكانی دیكە، ئەوەی پێی دەڵێن فەزایحی ئەخلاقی ڕوونەدایە.

لێرەدا ئیشكالیەتەكە پەیوەندی بە باوەڕداریی‌و بێ باوەڕیی مرۆڤ بە ئایینەوە نییە، بەڵكو ئیشكالیەتەكە لەخودی ئەو ناكۆكییەدایە كە هزری ئایینی تێیدەكەوێت، كاتێك كە دەیهەوێت مرۆڤ هەڵگری سیفاتی فریشتەیی بێت‌و كۆمەڵگەیەكی فریشتەیی دامەزرێنێت كە ئەمەش بۆ مرۆڤ، باوەڕدار بێت یان بێ بڕوا، مەیسەر نابێت. چونكە فریشتەو فریشتەیی بوون بەتەنها لەجیهانی ئایدیاڵدا هەیەو هیچ پەیوەندییەكی بە جیهانی ماددییەوە نیە. ئیشكالیەتەكە لەو ئاڵ‌و گۆڕەدایە كە ئایین بەسەر ئاكاری ئایدیاڵ یاتیۆرییدا، كە بەرهەمی بیرو ئەندێشە قووڵەكانی مرۆڤە بۆ نزیك بوونەوە لە بەها باڵاكانی، دەیهێنێت‌و یەكسانی دەكات بە بەجێهێنانی هەندێك سروتی ئایینی. ئەگەر ئاكاری ئایدیاڵ كۆمەڵێك بەهای چەسپاوو نەگۆڕبن بۆ گەیشتن بەبەختەوەری‌و بەدیهێنانی بوونێكی مرۆییانە كە عەقڵی مرۆڤ پێ گەیشتبێت، ئەوا ئاكاری كرداری زیاتر بەرهەمی ژیانی ماددی كۆمەڵگاو پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان‌و پێدراوەكانییەتی. هەرچەندە ئاكاری كرداری كارتێكراوە بە پێشكەوتنی كۆمەڵگا لەكایە ئابووری‌و زانستی‌و كۆمەڵایەتییەكاندا. بەڵام دیسانەوە عەقڵ بۆ بەرگریكردن‌و مانەوەی بەهاو پێوەرە مرۆییەكان، لەگەڵ پێشڤەچوونی كۆمەڵگاو پێشهات‌و گۆڕانكارییەكاندا، بەهاو پێودانگ‌و مانای نوێ بەرهەم دەهێنێت.

هەڵبەتە تێكەڵكردنی ئاكار لەگەڵ هزرو سرووتی ئایینیەكان‌و لەگەڵ سەرهەڵدانی ئاییندا نەهاتووە بەڵكو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێكی درەنگ وەخت لە سەرهەڵدانی ئایینەكان. هەتا ئێستاش هەندێك لەكۆمەڵگە زنجییەكانی ئەفریقیا ئاكار وەك مەسەلەیەكی كاروباری ڕێكخستنی كۆمەڵایەتیی سەیر دەكەن، نەك كاروباری ئایینی. لەكەلتووری زنجییەكاندا ئاكاربە ئایینەوە نەبەستراوەتەوەو پشتگیرییەكی یەزدانیی نادرێتێ [1] .ئەرەستۆش لەكتێبی (ئاكاری نیقۆماخی)و لەداڕشتنی فەلسەفەی ئاكاردا لای نەكردۆتەوە بەلای تێكستە ئایینییەكانی یۆنان.

لە ئاینی كۆنی میسرییەكانیشدا، سەرەتا ئاكاری كۆمەڵایەتی نەبەسترابووەوە بە چاكەو خراپەی یەزدانییەوە، بەڵكو مەسەلەیەكی كۆمەڵایەتیی بوو. نەمریی‌و چوونە بەهەشت مەرجدار نەبوو بە بوونی پەیوەندی نێوان ئایین‌و ئاكار، بەڵكو تەنها بۆ فیرعەون‌و كەسانێكی نێو دەست‌و پێوەندەكەی، كە فیرعەون خۆی هەڵیدەبژارد، قۆرخ كرابوو. بەڵام لەهەزارەی

سێیەمی پێش زایینیدا لەپاڵ ئەوگۆڕانانەی بەسەر ئاودێریدا هاتن کە بووە هۆی وشکە ساڵیو بڵاو بوونەوەی هەژاریو نەمانی یاسا لەشوێنە دوورە دەستەکانی دەسەڵاتی فیرعەونەکاندا، میسۆلۆجیای خواکانیش گۆڕانیان بەسەردا هاتو پێگەو قودسیەتی فیرعەونەکان لەلای خەڵکی هاتە خوارەوە. ئیدی خەڵکی هیوایان بە فیرعەون نەما لەلای خواوەند کە شەفاعەتیان بۆ بکات بۆ نەمرییو بۆیان تێبکەوێت بۆ چوونە بەهەشت. بەم جۆرە نەمریو بەهەشت بۆکەسانی چاك بووە ئەندێشەیەکی گشتیو لەناو خەڵکیدا پەرەی سەند. ئیدی خەڵکی بۆ نەمریو بەختەوەریی دەیانڕوانی ، ژیان لەپاڵ خواوەندا بە شادیو دوور لە رەنجو ئازارەکانی ئەم دنیایە. لێرەوە بیرۆکەی بەهەشتی ئاسمانیی هاتە گۆڕێ، کە دانراوە بۆ چاکەکاران. بەم جۆرە ئاکار بە ئایینەوە گرێ درا.و ئۆزۆریسی خواوەند بووە تکا کار بۆ مردووەکانو پەرینەوەی ئەو مردووانەی کردەوەی چاکەیان هەبوو بێت بۆ دنیاکەی دیکە. ئەم تێکەڵ بوونەی ئاکارو سرووتی ئایینی دواتر لە ئایینەکانی دیکەی رۆژهەڵاتدا رەنگ دەداتەوە.

مەسیحیەتو ئیسلام توندترو راستەوخۆتر ئاکار بە ئایینەوە دەبەستنەوەو دەیکەنە مەرجێك بۆ بەدەستهێنانی رەزامەندی خوداو چوونە بەهەشت. لەم ئایینانەدا، بەتایبەت ئیسلام، چاکەو خراپە لەدەرەوەی مرۆڤدا بڕاونەتەوەو مرۆڤ ئەوەی لەسەرە ئەویان بکاتو ئەمیان نەکات. بەمەش ئاکاری ئایدیاڵو چاکە گشتییەکان، کە کۆمەڵێك بەهای نەگۆڕو چەسپاون، دەدەنەوە پاڵ فەرمانی ئیلاهیو ویستی خواوەند بە کردنی چاکەو نەکردنی خراپە. لێرەوە ئایینەکان سوود لەچەمکی ئاکاری تیۆری وەردەگرنو لە رەهەندە فەلسەفییەکەی رووتی دەکەنەوەو دەیخەنە پاڵ خواوەندولە سیاقی سروتو خواپەرستیدا دایدەڕێژنەوە.

لێرەدا دەکرێت بپرسین ئایا چاکەو خراپە خۆیان چینو چۆن دیاریکراون؟ خواوەند چۆن چاکەی هەڵبژاردووەو بۆچی شتێك بەلای خواوە چاکەو شتێکیش خراپ؟ واچاکە لێرەدا کێشەی (یۆسپیرۆ)ی ئەفلاتون بەنمونە بهێنینەوە.

ئەفلاتون لەدیالۆگی ( یوسبیرۆ) دا دەڵێت:

﴿ ئایا خواوەند چاکەی لەبەر چاکێتی چاکە هەڵبژاردوە یا چاکە بۆیە چاکە چونکە خودا هەڵیبژاردووە؟

لە شێمانەی دووەمدا( چاکە چاکە چونکە خودا هەڵیبژاردووە) بەمەش جیاکردنەوەی چاکەو خراپە دەبێتە شتێکی ناچاریو نابەدڵی. چونکە لەم کاتەدا دەکرێت بپرسین ئەی چی رێگرە لە خودا کە بڵێت کوشتن چاکەو بەزەیی خراپ؟ لەم کاتەشدا ئەگەر چاکەو خراپە ناچاری بن ئیدی هێزی ئاکاریی خۆیان لەدەست دەدەن.

کەوایە دەبێت شێمانەی یەکەم راست بێت، واتە هەڵبژاردنی چاکەو خراپە لەلایەن خوداوە بە نابەدڵی نییەو دەستنیشان کردنی چاکە لەلایەن خواوەندەوە چاکە ناکات بە چاکە، بەڵکو چاکە خۆی چاکە، بۆیە خودا دەستنیشانی دەکات. ئەمەش مانای وایە بەرلەوەی خودا چاکە دیاریبکات چاکە خۆی دیاریکراوە.کەواتە چاکە سەربەخۆیە لە خوداو پەیوەست نییە پێوەی﴾[2] . واتە ئاکار لەلای ئەفلاتونو بەرلەویش هیراکلیتسو سوکرات بەرگە تیۆلۆژییەکەی لێدادەماڵرێتو دەخرێتە نێو چوارچێوەی عەقڵەوە. بەمانایەکی دیکە ئەخلاقی چاك لە ئاسمانەوە دیاری ناکرێتو ئایین داهێنەری نییە. ئایین وەك دیاردەیەکی سۆسیۆلۆجیی مێژووکرد ئەو پێوەرو بەها باڵایانەی وەرگرتووە، کە مرۆڤایەتی بەگشتیو فەیلەسوفان بەتایبەت وەك نمونەی باڵا دیاریانکردووە،و خستوونیەتە دەرەوەی کاتو شوێنەوەو لە موتڵەقییەتی ئایینییەوە بۆیان دەڕوانێتو دەیانپێوێت، بەمەش سیمایەکی یونیڤێرساڵی یاخود سەرو سروشتی وەردەگرن.

ئەوەی جێی سەرنجە رەنگدانەوەی هزری ئایدیالیستی ئەم فەیلەسوفانەیە لەسەر بۆچوونەکانیان لە فەلسەفەی ئاکاردا. داڕشتنی بنەماکانی ئاکار لەلای ئەوان بۆ سەرجەم مرۆڤایەتییە، واتە بەها چەسپاوو رەهاکانی ئاکار خۆیان ئامانجنو پێویستە ئاکاری مرۆیی مل کەچیان بێت. چونکە ئەم بەهایانە لەگەڵ رەهەندە باڵاکانی مرۆڤایەتیدا، کە عەقڵە، هاوبەشن. عەقڵ دەتوانێت چاكو خراپ دیاربکاتو جیایان بکاتەوەو پێوانەی شتەکان بکاتو لەگەڵ نمونەی باڵادا بەراوردیان بکاتو ( نمونەی باڵا لە ئاکار بکاتە پێوەرو ئامانج)[4] . هەڵبەتە ئەمەش ئیشکالیەتی تیا نییە چونکە بەها باڵاکانی مرۆڤ هەر لەسەرەتای دەرکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە نەگۆڕن. چەمکی بەختەوەری، فەزیلەت، خۆشیو شادیو

جوانیی، خواستو ویستی هەموو مرۆڤێکە لە هەموو سەردەمێکداو لەپێناو گەیشتن بە ئاسوودەیی هەوڵیان بۆ دەدات. بۆ نمونە ئامانجی چاکە یاخود فەزیلەت، کەرێگەیەکە بۆ بەدەستهێنانی بەختەوەری مرۆڤ، مرۆڤایەتییە. بەڵام بەلای باوەڕدارێکەوە چاکی خۆی لەخۆیدا بەس نییە بەڵکو بەستراوەتەوە بە خودا پەرستیو بەجێهێنانی فەرمانەکانی خودا. لێرەدا دەکرێت بپرسین، ئایا جولەکەیەك، کریستیان، موسڵمان، بوزیو هیدنۆسییەك یەك جۆر تەعالیمیان هەیەو هەلگری یەك فەلسەفەی هاوبەشن بۆ ئاکار؟ ئایا یەك روانگەیان هەیە بۆ پێناسەی چاکییو جێبەجێکردنی چاکە؟. ئەگەر وەڵامەکە بەڵێ بێت کەوایە ئەم هەموو ئایینە بۆ، ئایا تەنها یەك ئایینی یونیڤێرساڵی بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی بەس نەبوو؟ ئەگەر وەڵامەکەش نەخێر بێت ئەواهیچ پاساوێك لەبەردەم هیچ ئایینێکدا نییە تا خۆی بکاتە پێوەرو مەرجعی ئەخلاقی بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی کە خۆی بکاتە پێشەنگ بۆ چاکسازی لە ئاکاری مرۆڤدا.

پەراوێز:

1. **فراس السواح ، الاسطورة و المعنى، دار علاء الدين للنشر2001، ص 220**
2. **فراس طاليض، اشكالية الاخلاق في الفكر الديني**
3. هەمان سەرچاوەی پێشوو

سەرچاوە:


حەمید عەزیز سەرەتایەك لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان

**محمد المزوغي، الاخلاق والدين**

**فراس السواح بذور فكرة الشيطان في ديانة مصر القديمة**


2009/11/8